# ١٠ من ئازام ناترسم

سیناریۆ: دڵخواز مستەفا
نیگار: ئاریان عەبدولخالیق سەرسام



١١

# بەرخێکی دڵساف و گورگێکی نیاز گڵاو

نووسینی: عەزیز هەریری      نیگار: پەخشان گەڵاڵی



ڕۆژێکی بەهاری، لە بنار شاخێکدا بەرخێک مەیدان لە گورگێک دەخوازێ و داوای لێدەکات بێت و زۆرانبازیی لەگەڵدا بکات.

گورگە بۆر کە گوێی لەم قسە خۆشەی بەرخەکە دەبێت لە خۆشیاندا سەرسام دەبێ، ڕووی تێدەکات و دەڵێت:

– گیانەکەم؛ بەرخی نەرمو نۆڵ حەز دەکەم زێتر دڵنیام بکەیت لەوەی ئەم قسەیەی کە دەیکەیت بە ڕاستیتە، یان دەتەوێ گاڵتەم لەگەڵدا بکەیت؟!

* بەرخەکە: مام گورگ گیان؛ قەت گاڵتەت لە من دیوە، بێگومان ئەوەی دەیڵێم بە ڕاستیمە؛ بەڵام حەز دەکەم ئەوەش بزانی، کاتێک ئەو زۆرانبازییەت لەگەڵدا دەکەم، کە ناوبژیکارێکی دادپەروەر بەویژدان یارییەکەمان بەڕێوە ببات!

* گورگە بۆر: دە کەوایە من هەر لە ئێستاوە ڕازیم، تۆش چ ناوبژیکارێکت بە دڵەو بەلاتەوە باش و بە ویژدانە بۆ خۆت ئەویان دەستنیشان بکە.

* بەرخەکە: ئای گورگی هاوڕێم بە ڕاستی ئەم قسەیەم زۆر پێخۆش بوو، دیارە جەنابیشتان حەز بە کاری دادپەروەرانە دەکەن، کەوابێ گەر لێم زویر نەبی ئەوە من ئەو پڵنگەی دراوسێمان بۆ ناوبژیکاری هەڵدەبژێرم!

گورگە بۆر هەر کە گوێی لەم قسەیەی بەرخە نەرمۆڵەکە دەبیت، زوو لە مەبەستەکەی حاڵی دەبێت و کەمێک دادەمێنێ، ئینجا بە بەرخەکە دەڵێت:

– بەرخی دۆست و هاوڕێم، باوەڕت بێ پڕ بە دڵ حەز بە زۆرانبازییەکە دەکەم؛ بەڵام بڕوام پێ بکە هێندە پڕ ئیش وکارم، کە دەتوانم بڵێم بۆ تاکە چرکەیەکیش ماوەم بە دەستەوە نییە، بۆیە دەبێ ئەمجارەیان ببووری؛ دڵنیاش بە کە ڕۆژێکی دیکە ئەگەر لە هەر شوێنێک بە یەکتری گەیشتینەوە؛ بەڵام بە مەرجێک ئەو شوێنە پڵنگی لێ نەبێت، ئەوە من ئەو زۆرانبازییەت لەگەڵدا دەکەم، ئێستا بە خوات دەسپێرم و هیواخوازم لە نزیکترین دەرفەتدا بە یەکتری بگەینەوە.

گورگە بۆر هەر زوو قسەکانی تەواو دەکات و دەکەوێتە غارو لەبەر چاوان بزر دەبێت، ئیتر ببڕای ببڕ ڕوو لەو دەڤەرە ناکاتەوەو، بەرخە نەرمونۆڵەکەیش بە یەکجاری لە چنگ ئارەزووە گڵاوەکانی ڕزگاری دەبێت.



## منداڵ لە بەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا

دایکێکی هەژار تازە منداڵێکی بووە، منداڵەکانی گەڕەک ریزیان گرتووە بۆ ئەوەی منداڵەکە ببینن و و بزانن شێوەی چۆنە!

ئەم کچە جوانەش بە شەرمەوە سەیری منداڵەکە دەکات، ئەوانی تریش جارێ دوورن و چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکەن.

ئەم دیارییەمان بۆ ئێوەی جوان و خۆشەویست هەڵبژاردووە کە لە داهێنانی هونەرمەند (لیمۆخ)ەو لە ساڵی ١٨٨٥دا ڕەسمی کردووە.

مامتان
محەمەد عارف

## ئاسك

ئا: شەهناز
نیگار: د. قانیعە گەلاڵی



ئاسک گیانلەبەرێکی شیردەرە، ئێسک سووک و بێ زیان و شەرمنە، دوو شاخی هەیەو لەغاردانداا خێرایە.

ئاسک نزیکەی سەد جۆری هەیە، لەوانە: ڕەشەئاسک،ئاسکی بۆر، ئاسکەسوور، ئاسکی قاوەیی، ئاسکی بۆنگۆ، ئاسکی قاچ کورت و هەروەها ئاسکی ڕەنە کە گەورەیەو شاخەکانی پەلکدارن.

ئاسک لەچۆلایی و دەشت و دارستان و زەنگاوو کەناری ڕووبارەکاندا بە (ڕەوە) دەژین و هەندێک ڕەوە نزیکەی ١٠٠ ئاسک دەبێ.

خۆراکی سەرەکیی ئاسک ڕووەک و پەلکە دارە.

ئاسک، جگە لەوەی گۆشتێکی خۆش و بەتامی هەیە، پێستەکەشی بۆ جوانکاری بەکار دەهێنرێ، هەروەها جۆرە ئاسکێک هەیە پێی دەگوترێ (ئاسکی میسک) کە بۆنێکی خۆشی لێ دەردەهێنرێ.

سەرچاوەکان: ١- گۆڤاری (سیدتی) ساڵی ٢٠٠٢، ٢- فەرهەنگی زانیاری وێنەدار/ دانانی کەمال جەلال غەریب.

# ئەسپی دەریا

و. لەفارسییەوە: عەبدولڕەحمان مەعرووف
نیگار: پەیام

ئەسپی دەریا یان ئەسپی ئاوی گیانداریٚکی شیردەرە لەڕووبارەکانی ئەفریقیادا دەژی، لەشی گەورەو پیٚستی سافە، دەمیٚکی گەورەو کلکیٚکی کورت و دوو گوێی بچکۆڵەو دووچاوی بچووکی هەیە کە دەتوانێ لەهەمان کاتدا بە یەکیٚکی پیٚشەخۆی وبەوی دیکەیان دواوەی پێ ببینێ.

ئەو گیانلەبەرە دەست و پیٚکانی کورتن بەڵام سکیٚکی گەورەی هەیە، بیٚچووی ئەسپی دەریا لەنیٚو ئاودا دیٚنە دنیاوەو هەر لەسەرەتاوەش مەلەوانن، بەهەر سکیٚکیش تەنیا یەک بیٚچووی دەبێ.

هەرچەندە ئەم گیانلەبەرە ناتوانێ لە دەرەوەی ئاودا بژیت، بەڵام شەوان بەدوای خۆراک و گیادا ڕوو لە کەناری ڕووبارەکان دەکات.

ئەسپی دەریا دەتوانێ بەدریٚژایی چەندین ڕۆژ لەناو ئاودا نەیەتە دەرەوەو بۆ ماوەی (١٢) خولەکیش لەژیٚرئاودا بمیٚنیٚتەوە.

ئەو گیانلەبەرە لە ئاوەکانی ئەفریقیادا دوو جۆری هەیە، جۆریٚکیان زەبەلاحەو کیٚشەکەشی لە (٣٠٠٠) کگم زیاترە، ئەوی دیکەیان کورتەو قەبارەکەشی هیٚندەی بەرازیٚکی گەورە دەبێ.





# چرای دواڕۆژ

**هۆنراوەی: ئازاد عەباس گلێجاڵی**
**نیگار: دارا محەمەد عەلی**

منداڵێکی زۆر وریام، چوست و چالاک و ژیرم
دایەو باوە چی بێژن هەرگیز ناچێ لەبیرم

گوێڕایەڵی ئەوانم، بۆ ئەوان خەمڕەوێنم
بەناسکترین وشە دایک و باوکم دەدوێنم

هەموو ڕۆژێ کاتی خۆی دەچم بۆ قوتابخانە
وانەکانم دەخوێنم، دێمەوە بەرەو یانە

لەنێو قوتابخانەشدا ڕێزی مامۆستا دەگرم
مامۆستا هەرچی بڵێ، وتەکانی هەڵدەگرم

گەر هەموومان ئاوابین
گوێڕایەڵ و وریا بین

دەبینە چرای دواڕۆژ
شەوی ژین دەکەینە ڕۆژ

# کارتەکەم

**هۆنراوەی: حاتەم ڕەنجدەر باتاسی**
**نیگار: ئاڤان عەبدولخالیق سەرسام**

وەرم گرتووە کارەتەکەم
دەرچووم بە پلەی یەکەم

ئەزموونی سەری ساڵن
دایەو بابە خۆشحاڵن

نمرەکانم گشت (دە)یە
لە خۆشیی ئەو مژدەیە!

مامۆستا بە دڵخۆشی
خەڵاتی بەمن بەخشی

ئای ی... لەم سەرکەوتنە
کە بۆ من ڕێزگرتنە

منداڵان قەت نەسرەون
بەم چەشنە پێش بکەون



# مشك و پشیله

**هۆنراوەی: کازم کۆیی**
**نیگار: شێروان موحسین**

کورم بۆ وا ڕاپەڕی
باوکە مشکێک دەرپەڕی

کوانێ کورم بۆ کوێ چوو
باوکە لێرە بۆی دەرچوو

بینیم ڕایکرد بۆ دەرێ
خێرا ئەم گەسکەم بەرێ

تا بابە چووە حەوشێ
هەتا لە پێی کرد کەوشێ

پشە ڕەش میاواندی
مشکەی گرت و ڕفاندنی

بابەو کوڕەش هەر دووکیان
گوتیان بژی پشە گیان

تۆ ڕاوکەرێکی چاکی
بۆ مشکان زۆر چالاکی





# برنج

**هۆنراوەی: هودا جەلالەدین**
**نیگار: پەخشان گەڵاڵی**

برنج وتی: من بەهێزم
مایەی شانازی و جێی ڕێزم

تام و بۆنی من زۆر خۆشە
هەموو کەسێک بۆی پەرۆشە

بێ ئاو ژینی من ویرانە
خۆشترین شوێنم کوردستانە

ئاوی ڕۆشن و سازگارە
هەر لەناوی خۆیدا دیارە

بۆیە منداڵانی هاوڕێم
هەموو خەڵکی خۆشیان دەوێم

من گشت ساڵ لە چوار وەرزەکان
ئامادەم لێمنێن بۆ میوان